
کوشتنی
خەیاڵ
باران
جوتیار ئەحمەد
نیسانی

هەر ئەو کاتەی قوڕەکە وشکبۆوە، کەوتە گەڕان بە ناو دارستان و وردبوونەوە لە دەورویەر، هەر چەند ڕۆژێک توانی بەرگەی تەنیایی بگرێ، ئیدی دەرکی بە تەنیایی کردبوو، نەیئەزانی چی بکات. سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی و کەوتە پاڕانەوە لە خودا، خودا هیچ وەڵامێکی نەبوو، تا ئەوەی ئادەم تەواو چۆکیدادا بۆ خودا، ئەوەندە پاڕایەوە فرمێسکی لە چاوان بڕا. خودا فەرمووی چۆن تۆمان لە قوڕ دروستکرد، تۆ دەستڕەنگین بەو لە قوڕ پەیکەرێک دروستبکە، لەو شێوەیەی ئێمە ئەیخەنە خەیاڵتەوە، بەڵام ئەبێت کەمێک لە جەستەی خۆت ببڕی و وەک هەوێن تێکەڵاوی قوڕەکەی بکەیت.

ئادەم یەکەم ژنی لە قوڕ دروستکرد، زۆر کەیف خۆش بوو، دووەمی دروستکرد، پاشان سێهەم و چوارەم، منداڵیان بوو، نەوەی زۆریان لێکەوتەوە. ڕۆژێک ئادەم لە شین و واوەیلای ژنی یەکەمی بەخەبەرهات، کە لەسەر چێژی مێینە بۆتە شەڕیان و براکان یەکتریان قڕکردووە. قسەی ژن لە زمانی مێژووەوە: لە خەڵوزی پاشماوەی ئاگرەکە وێنەی پیاوی خەیاڵی خۆم کێشا، نێرینەکانی خێڵ دەستیان شکاندم. ویستم وەک ئەوان چۆن مێینەکانی دوژمن ئەڕفێنن و ئەبنە خاوەنیان، منیش ئەوها لە خەیاڵەوە پیاوی خۆم بخوڵقێنم، ئەفسوس نەیانهێشت. کە دەستیان شکاندم ئیدی ترسام، پاشان ئیشم بووە دروستکردنی خواردن و بەرهەمهێنانی ڕەنگ لە گژوگیا، دەستەمۆکردنی دروستکراوەکانی خودا، ئەوانەی تا ئەوکات مرۆڤ نەیتوانیبوو کەوییان بکات. نەخشونیگاری سەر گڵێنەکان هەمووی من ئەمکێشان، گەر من نەبوومایە گۆزەگەر کەی گۆزەی ئەدرەوشایەوە، بەڵام پیاوانی خێڵ نەیانهێشت دەستم دنیا بنەخشێنێ، پیاوێکیان بەدڵی خۆیان بۆ دۆزیمەوە، لەو کاتەوە لەگەڵ سوڕی مانگانەدا خوێنی مێژووی خۆم ئەبینم.

ژنێکی دیکە: مێردی یەکەمم خێڵێکی دی، هەڵیان کوتایە سەرمان و کوشتیان، واتە هەموو نێرینەکانی خێڵیان کوشت و مێینەکانیان برد، ئەوەبوو پیاوێکی خێڵی داگیرکەر کردمیە موڵکی خۆی، مێردی دووەمم لە کاتی ڕاوکردندا لەکارەساتێکی نادیاردا تیاچوو، پاشان شومکردەوە بە پیاوی سێهەم، مێردی سێهەمم لەلایەن برای مێردی دووەممەوە کوژرا. مەولانای ڕۆمی ئەگێڕێتەوە کاتێگ خوارزمشا لە ساڵی 1204 زاینی هەڵیکوتایە سەر شاری سەمەرقەند، تا تاڵانی بکات ژنێکی زۆر جوان و زەنگین، لە هەمانکاتدا داوێنپاک بوو، چوو بۆ مزگەوت و کەوتە پاڕانەوە لە خودا، پاڕانەوەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو، خۆی بەخودا سپارد، تا ئەوەی چەتەکانی خوارزمشا هاتن و هەموو ژنەکانی تریان وەک کەنزەک برد، بەڵام ئەو ژنە جوانەیان نە برد. ئەوەی وەک فریشتە وابوو لە جوانی و دەم بە نزا، زیانی پێنەگەیشت، پێئەچێ ئەوە جادووی جوانی و بەرجەستەبوونی خودا بوو بێت.



# باران

## فایلی ژمارەی داهاتوو



ئیبراهیم ئەحمەد



بوزرگی عەلەوی



هێرتا مۆلەر